Kurdistannet کوردستان نێت

# بوونی عەرەب و تورکمان لەهەموو کوردستان پێویستە!

- جەماوەری کوردستان بەناوچە تازەئازادکراوەکانیشەوەبەدەنگ بانگەشەی حیزبەکوردستانییەکانەوە رۆیشتن ـ بەتایبەت یەکێتی و پارتی ـ و گیانی خۆیانیان خستە مەترسییەوە و تەحەدای تیرۆریان کرد و دنگیان دا! بەلام دەنگیان دا بەکێ؟ دەنگیاندا بە یەکێتی و پارتی بۆ ئەوەی لەپشت پەردە تاریکەکانەوە ودوور لەچاوی راگەیاندن بۆخۆیان بن بە بریاردەری چارەنووسی نەتەوەیەك؟ ولە پشت پەردەکانەوە موناقەشەی شتێکی دیکە بکرێت و بە راگەیاندنی ـ ساویلکەی ـ کوردییش شتێکی دیکە رابگەیێنن؟! گەر وانییە با کۆبوونەوە و موناقەشەکان بێنە ئەم دیو پەردە.دوو حیزب هیچ رێزێك بۆ هەلوێستە مەردانەکانی بەناو گەلەکەیان دانانێن و گەلەکەش دەلێی چاوبەسیان لێکراوە و کەوتونەتە شوێن دەنگی دەهۆلیان و چارەنووسی خۆیان و چەندین نەوەی پاش خۆیانیان خستۆتە ژێر رەحمەتی بەزەیی ئەم دوولایەنە.

تێناگەم ، ئەم جەماوەرە کەی تێدەگات کە ناکرێت متمانە بە لایەن یاخود کەسێك بکرێت کەهێشتا لە بازنەی تەسکی ناوچە پەرەستی دەرباز نەبووە ، کێشەکە لەوەدایە ناسیاسی ترین مرۆڤ سەرۆکایەتی زەفترین بەناو لایەنی سوشیال دیموکرات و لیبرال دەکات، و ئەو لایەنە دەیان سالە خۆی خزاندۆتە نێو باوەشی لایەنێکی دیکە کە ئەویش سەرپەرەشتیارییەکەی ـ ١ ـ هێشتا مەیلی کاسە لێسی بەرۆکی پێ بەرنەداوە.کەسایەتی یەکەم لەیەك لە کۆبوونەوە کانی ئەم دووایەی دوکان جارێکی دیکەی شەکرێکی دیکەی شکان و نەیتوانی هەستی رقاوی و ناوچەپەرەستی خۆی بشارێتەوە ودوور لەچاوی راگەیاندن و لە کاتی دەمەبۆلەیەکیدا لەگەل یەکێ لە برادەرانی خۆیان بەلام هێندێ مونافس فەرمووی : هەولێری چی ؟! هەولێر بۆگەنە!!!! بەدبەختییەکەش لەوەدایە بەسەدان مرۆڤی ساویلکە و بەدبەختی پیرە شاری هەولێر رۆژانە دروشم بەبالایدا هەلدەدەن وشەریشی لەسەر دەکەن.ئەوەی دووەمیش ، لەوەتەی لەدایك بووە بەوەفا نەبووە بەرامبەر بەکەس و کێشەی هەرە گەورەشی لەگەل گەلی کوردبەدرێژای مێژوو بێ وەفا بوونیەتی ، کەچی هەر لەگەل گەیشتنی بەبەشێ لەخەونە دێرینەکانی، هەستی وەفای حەفتا سالەی بەرامبەر بەکۆنە برادەرەکەی جولا و ئیمزای ناکا! ئاخر حەزناکا برادەرەکەی لەمە زیاتر لێی زویر بێت با مەوقیعەکانیشیان گۆرا بێت برادەر هەر برادەرە و شەرتی دۆستایەتیش وەفایە!

بەبۆچونی من ، دەبێ خەلکی کوردستان نانێ بخوات و نانێکیش لەرێی خودا بدات بۆ ئەوەی چ نەبێت تاماوەیەکی دی بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی ئەمریکی هاوتەریب بێت لەگەل خواستە لەگۆر

ناوەکانی گەلی کورد.دەنا ململانێی دوو شا کوڕەکەمان وابکات دۆستانی ئیقلیمیمان هەر زوو حەپەلوشمان دەکەن و ئەو کورسییەش کەوا دەساڵ وهێندێکە لەسەری کوڕی کورد بەکوشت دەدەن لە ژێر پۆسالّی برا ناوخۆیی و دەرەکییەکانمان پارچە پارچە دەبێت.لەوانەبێت بەپێی هەندێ پێوەری یەکتر قەبولکردن من مرۆڤێکی رەگەز پەرەست بم، بەلاّم کۆ نەبوونەوەی پارلەمان و چاو سورکردنەوەکانی ئەم دووایەی دوو برا خوێن شیرینەکەی مالّی کورد ، ئەو هەلّوێست وفیکرەی منی گۆڕی .وەك هاوولاّتییەك و لەسیاغی بیر کردنەوە لە وولاّتەکەم ڕێمکەوتە شارە خێر لە خۆ نەدیوەکەی کەرکوك و جەماوەرە بێچارەکەی ، بیرم لە هەلّوێستی جەماوەری ئەو شارە دەکردەوە کە چۆن ڕۆژی هەلّبژاردن تەحەدای هەموو هێزە ئیقلیمی و تیرۆریستی و شۆڤێنییەکانیان کرد و چونە پای سندوقەکانی هەلّبژاردن و دەنگیان بەلیستی پارتی و یەکێتی دا لە پێناو بەدیهێنانی خەونە بەباد چووەکانیان .بەلاّم ئەی ئێستا؟ ئێستا تاقە وەلاّمدانەوەی ئەو دوو لایەنە بەرامبەر بەو هەلّوێستە نیشتیمان پەروەرییە ، بریتییە لە دروستکردنی جوانترین و تازەترین مۆدی ململانێی کوردی! چونکە بەراستی داهێنەرن لەو بوارەدا .لەو سۆنگەیەوە بۆم دەرکەوت کە بوونی عەرەب و تورکمان لە کەرکوك بەشێکی خێرە و بەشەکەی دی رەحمەت . هۆی ئەو رەحمەتەش ئەوەیە کە: دلّنیام گەر لەبەر لۆمەی ئەوان و قۆستنەوەی هەل و مەرجەکە نەبووایا لەلایەن ئەوانەوە، بەشانازییەوە موتەلّەقی ئەمجارەی شەڕی ناوخۆ کەرکوکی دلّ و قودس بوولبەپێی ئەم پێوەرە ، گەر هەولّ بدەین لەهەولێر ولە پالّ پارلەمان و دهۆك وسلێمانی و هتد... ڕێژەیەکی باش لەبرا عەرەب و تورکمانەکانیان! نیشتە جێ بکەین بۆی هەیە کەمێ هەلّوێستی هەست بە بەرپرسیارێتی کردن بیانگرێ و روخسەت بدەن پارلەمانە کارتۆنییەکەمان کۆبێتەوە.

١ـ بۆیە دەلّێم سەرپەرشتیار چونکە پێوەری سەرکردەییان تیا بەدی ناکەم.

هاوار ئەحمەد